Kurdistan.net كوردستان نێت

# ئەڤینا من    ئەحمەد دەشتی

بەرزی چیا جهێ باڵا
من دڤێ بۆ باب و کالا
ئەزێ دەچمەترۆپک و سەران
دکەم یادی گشت سەروەران
ئەڤینا من کوردستانە
گیان و سەرم بۆی قوربانە
بستێ لە خاکی ڕەنگینم
نادەم بە گشت بوونی ژینم
کواردستانم واری خۆمە
هەست و دین و روگەی خۆمە
کەرکوکی من خوێنی سوورە
شاری کوردی پڕ لە نوورە
دیار بەکرو قامیشلۆکەم
مەهابادە ڕێی دینەکەم
ئەزی دچم بەرەو هەوار
دکەم باسی گشت شاسوار
شیخ سەلام و نەهری و نوری
عوبەیدوللا و سمکۆی بووری
لە یاد ناکەم شەهیدانم
سەید ڕەزاو یارەکانم
پێشەواکەی مەهابادم
بارزانی و شیخ مەحمودم
گشتیان چاوو هەستی منن
خۆشم دەوێن سەیدای منن
منیش لەو ڕێگە قوربانم
بەخت دەکەم هەموو ژیانم

ئەڤینا من ئەڤینا من
کوردستانا دەلالا من
خۆشەویستر لە خرِ ژیانمە
هەموو هەست و بیرو دینمە
سەرو ماڵ و هەموو بوونم
دەدەم لە ڕێی سەرخۆ بوونم
پەت لە ملی نەیار دەکەم
داگیرکەران ڕیسوا دەکەم
دەڕۆم بەرەوترۆپک وسەران
کرنوش دەبەم بۆ سەروەران
کویَ بڵندە خؤشم دەویَ
بۆ کوردستانی خۆم دەویَ
ئاڵای بەرزی کوردستانم
دەبیَ سەرخەم لە جیهانم
کوردیش ناوی دەرکەێتن
سەربەخۆو و ئازاد بێتن
ئەسپی هونەر من تاودەدەم
کوردستانم وەسەر دەخەم
بە یەکبوون و کوردایەتی
وەسەر دەخەم مەردایەتی
نەفرین لە پەستی ژین دەکەم
گشت دوژمنان سەر شۆڕ دەکەم
ئالای بەرزی کوردستانم
هەر سەر دەخەم لە جیهانم
دەبیَ کوردیش سەربەخۆ بیَ
ئالای هەردەم شەکاوەبیَ
* نەورۆزی 2005 هەندەران بەرلین